# سەردەمی عەولەمەوكلاَشی هەورامی

عومەرمحەمەد

پروپاگەندەكان بۆ دیموكراسی بازار, چەندی بە دەمامكەوە خۆیان بنوێنن, ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە كە ئازادی بازاڕ, زیاتر گلۆڵەی بەهاكانی ئازادی ئینسان دەخاتە لێژیو مرۆ هەموو رۆژێ زیاد لەجارێك بەهۆیەوە توشی شۆك دەبێت, ئەوەی ئەمڕۆ تۆ دڵت پێی خۆشەوپارەیەكی زۆرت پێداوە, دورنییە سبەی ببێتەماڵێكی قەڵبوبە خۆڕایش لە كۆڵت نەبێتەوە, ئەوكالاَیانەی ئەمڕۆ لە بازاڕ ڕیكلامی باشترین جۆریان بۆدەكرێت, سبەی هەر ڕیكلامیش نابووتوترۆیان دەكات, لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە ئینسانیش كتومت رەنگوبۆی كالاَكان بگرێت, مبەستم ئەوەیە چاوەروان دەكرێت, حكومەتی دیموكراسی نەخوێندەوارێك بكاتە راوێژكاروپسپۆڕوشتی موهیم تریش, خوێندەوارێكیش لە بازاڕ عەرەبانە بگێڕێت!! بەهەرحاڵ بابێینەوە سەرمەسەلەكەی خۆمان, وەك دەبینین, ئەمرۆ خراپترین پێلاَوی چینی دەبێتە مایەی ڕیكلامی گەرموگوڕی تیڤیەكانمان, كەچی باشترین كلاَش لە هەورامانی خۆمان دەچنرێتوگوێشی نادەنێ, هەرچەندە هەندێك بەرپرسی حزبیوحكومی وولاَتی من زۆر مەیلی كۆمپیوتەرو مۆمپیوتەریان نیە, هەندێكیان یاری ناپلیونەكەی لێبترازێ, هەڕی لە بڕی ناكەنەوە, بەلاَم ئەگەر هەر بۆ فیزیش بووە, لە نوسینگەو ئۆفیسەكانیاندا بۆدیكۆر دایانناوە,كەچی كۆمپیوتەری (پنتۆم چوار) و بەرنامەی (xp)یش نەبێ نایانەوێت.پیرۆزیان بێت بەلاَم دەردەكە لەوێوەیە هێشتا كۆمپیوتەر نەگەیشتۆتە هەندێك فەرمانگەی گرنگی ئەم ولاَتە! پێشینان گوتوویانە: قسەقسەی لێدەبێتەوە, بەلاَم ئەم قسەیەی من چەند حیكایەتێكی لێدەبێتەوە یەك لەوانە خۆم بۆتان دەگێڕمەوە ( لەم رۆژانەدا مشتومڕی دووكارمەندی فەرمانگەكەمان سەری هەڵدا, وەك كورد دەڵێ بەقونگە شەر هاتنولەبەردەم ژورەكەی مندا لەنگەریانگرت, ئیدی خەریك بوو كێشەكەیان بەرەوناخۆشی هەڵدەكشا, ناهەقم نەبوو لەگەرمەی ئەومشتومڕەدا كتێبە بەناوبانگەكەی ئالڤین تۆفلەر(شۆكی ئایندە)م بیركەوتەوە, كەهاوڕێی خۆشەویستم یاسین عومەرحەوت ساڵ لە مەوبەر بەشێكی گرنگی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی كوردی, بەهەرحاڵ وەك ناو بژیوانێك كەوتمە نێوانەوەو پرسیم ئەرێ ئەم هەرایەتان لەسەرچی‌یە؟ یەكێكیان, كە مرۆڤێكی زەحمەتكێشو دەستڕەنگینی ناوچەی هەورامانبوو, ووتی:

- كاكە من تۆ دەكەم بە دادوەر, ئەگەر كۆمپیوتەرێك پێنتۆمی نەبێت بۆچی باشە؟! (..كەمێك بێدەنگی, وەك بڵێی چاوەروانی وەلاَم بێ) ئینجا هەرخۆی ووتی ئەم كابرایە كۆمپیوتەرێكی داومەتێ هەر لە بنەڕەتەوە پنتۆمی نیەو هیچ كارێكی پێناكرێت. ئەوی تر قسەكەی پێبڕیو ووتی:
- باوكم بە بەوەندە سوویندوقورئانە ئەوكۆمپیوتەرەی داومە بەتۆ كاتی خۆی پارەی یەك خانووی دووسەد مەتری دووقاتی گەرەكی زەرگەتەی پێدراوە, ئینجا ڕووی تێكردمو ووتی: كۆمپیوتەرەكە عەیبی چی‌یە؟! دوێنێ گۆڕیومانە تەوە ئەویش لەبەرانبەردا جووتێك كلاَشی دۆمی داومەتێ, ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ.( ئەوی تر لەوەلاَمدا) ووتی:
- عەیبە عەیب, مەڵێ كلاَشی دۆمی, من بەمدەستانەی خۆم چنیومەولە بازاڕ بایی كۆڵێك پارەیە
- كاكە تۆ چی پێدەكەیت؟ خۆ بە تەمانیت كلاَشی پێبچنی؟
- منیش دەزانم كۆمپیوتەر كلاش ناچنێ ئەوەندەش غەشیم نیم, ئەی مەگەرخۆت چی پێدەكەیت؟ ڕەنگە گەلی كوردی پێڕزگاربكەیت!! ئای تڕحێو .. بابە ئێستا كۆمپیوتەرەكەم بۆ هێناویتەوەوتۆش كلاَشەكانم بۆبێنەوەو هیچمان لە هیچ. )

شۆكی ئایندەی تۆفلەریش هەروامان پێدەڵێت: ئەوكۆمپیوتەرەی دوێنێ بەهای خانوویەكی باشی هەبوو, ئەمڕۆ بەخت یاوەرتە كە دەیگۆڕیتەوە بەجووتێك كلاَشی هەورامی, كەواتە كلاَشی خۆت لەپێكەو برۆ ئەگەرنا سالێكی تر رەنگە, بەمەممنونییەوە بدەیت بە دوو غرام بنێشتی كوردی.